
# هەر دام
# بەڕێوەبردنی مەترسی



لەکارکەوتنی پاڵاوگەی نەوتی سلێمانی و داخستنی کارگەکانی دۆشاوی تەماتەی هەریرو زەیتی گوڵەبەرۆژەی ئاکرێ و مەڕمەڕی هەولێرو دواکەوتنی تەواوبوونی نەخۆشخانەی چوارسەد قەرەوێڵەیی لەسلێمانی و، دەیان پرۆژەو کاری تری لەمشێوانە و، بوونی پتر لە ٥٣٨ هەزار ئۆتۆمبێل لە پارێزگای هەولێرو بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری بۆ زیاتر لە٦٪ و. هەمووی چەند نموونەیەکی جۆراوجۆری نەبوونی بەرنامەو پلانە

# ەزراوەیەکی حکومی و تایبەتی
# یەکانی نەبێت ڕووبەڕووی شکست دەبێتەوە

**پشتگوێخستنی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان دەمانخاتە ناو بازنەی داخراوی کێشەو قەیرانی گەورەوە**

کوردستان پێویستی بەشارەزایی لەهونەری بەڕێوەبردنی پرۆژەکان بەتایبەتی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان هەیە، بێ بوونی ئەم سیستەمە لەتواناادا نییە ببینە خاوەنی دامەزراوەیی شارستانی کە پێویستە بۆ (دیموکراسی و پەیڕەوکردنی یاساو بەدیهێنانی ئابووری بازاڕو دوورکەوتنەوە لەشکست و تێچوونی زیادە..)، دواخستنی دامەزراندنی دەزگایەکی فراوان لەهەیکەلی حکومەت و پەیڕەونەکردنی سیستەمی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان لەناو وەزارەت و دامودەزگاو کەرتەکان، دەمانخاتە بەردەم ئەگەری چارەسەرنەکردنی گرفت و کێشەکان یاخود زیادبوونی خەرجییەکان، بگرە زۆر جار دەبێتە هۆکاری شکستهێنانی بەرنامەو پرۆژەکان، هەندێك لەمەترسییەکان چارەسەری ئاسانە بەوپێیەی بەمەترسی بچووك یاخود لاوەکی و کەم دادەنرێت، بەڵام پشتگوێخستنی دەمانخاتە ناو بازنەی ئاڵۆزی کێشەو زۆرجار قەیرانی گەورەوە.

لەکوردستان ساڵانە دەیان پرۆژە ئەنجام دەدرێت، ئەمەش وایکردووە لەماوەی ١٨ ساڵدا هەرێمەکە لەناوچەیەکی دابڕاوی بێ وزەو نەوت و وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەباو پرۆژەی خزمەتگوزارییەوە بەرەو هەرێمێکی بەرهەمهێنەری نەوت و غازو کارەباو خزمەتگوزاری هەنگاو بنێت و، لەوێرانبوونی ٤٥٠٠ گوندو لابردنی دەیان قەزاو ناحییەوە بەرەو پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە هەنگاو بنێت، ئزمی داهاتی تاکەکەسی و هەژاری و گەمارۆی ئابووریش تێپەڕێنێت و ببێتە پێگەیەکی ئابووری و بازرگانی گرنگ، لەلای شارەزایان و چاودێرانی بیانیش هەرێمەکە وەکو ئەزموون و دەروازەیەك بۆ ئاوەدانکردنەوەی سەرجەم عێراق سەیر دەکرێت، ئەمڕۆ بەسەدان گوندو شارۆچکەو قەزاو ناحییە ئاوەدانکراونەتەوە. کەزۆربەی زۆری پێشتر وێرانکرابوون و کەوتبوونە بەردەم هێرشەکانی ( ارض محروقە و انفال و مناطق محرمە..)، بەڵام هەنگاونان بەرەو پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو جێبەجێکردنی بەرنامەو کارەکان بێ کەموکورتی نەبووەو نابێت، پرۆژەکانیش لەمەترسییەکان بەدوور نین. ڕەنگە هەموو بەرنامەو کارەکانی حکومەت و کەرتی تایبەت لەهەردوو بواری (چەندایەتی و چۆنایەتیی)ەوە بەپێی خواست و ویستەکان نەبێت، بەڵام کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی باشی بەڕێوەچوونی کارەکان پێویستە بەرنامەو کاری ئایندەییمان بێت.




زۆرجاریش ئەوپرسیارە دەکرێت: لەخراپیی پرۆژەکان کێ بەرپرسیارە؟ هۆکارو فاکتەرەکانی خراپی پرۆژەکان زۆرن، گرنگترینیان نەبوونی سیستەم و کەسانێکە بەدواداچوونی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان بکات، ئەم ڕاپۆرتە باس لەگرنگی ئەم سیستەم و پرۆسەیە دەکات، کەچۆن بێ توێژینەوەو بوونی بەشێکی تایبەت بەبەڕێوەبردنی مەترسییەکان زیانمان لێکەوتووە. هەروەکو چۆن لەگەمارۆی ئابووری و بێ داهاتی و وشکەساڵی و بێ وزەیی دووچاری کێشەو گرفتی ئاڵۆزو گەورە بووین .

دەبێت کاتێک پلانی ستراتیژی یاخود ساڵانە دادەنرێت، پلانی بەڕێوەبردنی مەترسییەکانیش دانرێت

## بەڕێوەبردنی مەترسییەکان چی یە؟

بەڕێوەبردنی مەترسییەکان بەشێکە لەستراتیژییەتی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی هەموو دامەزراوێکی حکومی و تایبەتی، بەبێ ئەم پرۆسەیە ناکرێت ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببینەوە، کەسبەینێ و ئاییندە دێنەبەردەم باش ئەنجامدانی پرۆژەو بەدیهێنانی تەواوی ئامانجەکان، لەکارکەوتنی پاڵاوگەی نەوتی سلێمانی و داخستنی کارگەکانی دۆشاوی تەماتەی هەریرو زەیتی گوڵەبەرۆژەی ئاکرێ و مەڕمەڕی هەولێرو دواکەوتنی تەواوبوونی نەخۆشخانەی چوارسەد قەرەوێڵەیی لەسلێمانی و، دەیان پرۆژەو کاری تری لەمشێوانە و بوونی پتر لە ٥٣٨ هەزار ئوتۆمبێل لە پارێزگای هەولێرو بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری بۆ زیاتر لە٦٪ و. هەمووی چەند نموونەیەکی جۆراوجۆری نەبوونی بەرنامەو پلانە، کەگرنگی نەداوە بەبەڕێوەبردنی مەترسییەکان و بەتێپەڕبوونی کات شکستی بەئەنجامدانی پرۆژەکە هێناوە یا دەهێنێت. **شارەزایانی ئابووری پێیان وایە:** بەڕێوەبردنی مەترسییەکان پرۆسەیەکە تیایدا ڕێکخراوو دامەزراوەکان یاخود کۆمپانیاکان بەشێوەیەکی ڕێك و زانستی ئەو مەترسییانە دیاری دەکەن، کە پەیوەندییان بەچالاکییەکانەوە هەیە. ڕۆژانە باس لەگەندەڵی دەکرێت و ڕووبەڕووی هۆکارەکان نابینەوە، یاخود کۆنترۆڵی بکەین بەڵکو دەچین سزاو لێپرسینەوە لەسەر کەوتنەوەی گەندەڵییەکە دەکەین، کاتێکیش ڕوو لەچارەسەرکردنی دەکەین ناتوانرێت شوێنەوارە خراپەکانی وابەئاسانی بسڕینەوەو پارەو کاتێکی باشی دەوێت بۆ ئاشکراکردن و ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵییەکە، ئالێرەدا ڕۆڵی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان دەردەکەوێت کەپێش کەوتنەوەی گەندەڵییەکە فاکتەرەکانی کەوتنەوەی گەندەڵی بنبڕ دەکات و، بەهاندەرەکانی دژە گەندەڵی ڕێگا لەم تاوان و دیاردە مەترسیدارە دەگیرێت.

بەڕێوەبردنی مەترسییەکان پەیوەندی بەباشبوونی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووریی کوردستانەوە نییە، بەپێچەوانەوە وڵاتە پێشکەوتووەکان زیاتر پێویستییان بە بەڕێوەبردنی مەترسییەکان هەیە، چونکە ئەو وڵاتەی یاساو ڕێنمایی تێدا دەچەسپێت دەبێت بەباشترین شێوە ئاگاداری سیستەم و بەرنامەکانی خۆیان بن، لەلایەکی تریشەوە سیستەمێکی باشی بەڕێوەبردنی مەترسییەکانیان هەیە، لەم ڕوانگەیەوە تاهەرێمی کوردستان پێشبکەوێت زیاتر پێویستی بەدامەزراوو لیژنەکانی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان و سیستەمەکە دەبێت.

### لەهەرێمی کوردستان بەڕێوەبردنی مەترسییەکان ناکەین!

بەڕێوەبردنی مەترسییەکان پێویستە پرۆسەیەکی بەردەوام و پێشکەوتوو بێت، لەستراتیژیەتی ڕێکخراوەکەدا بێت و بەباشی جێبەجێ بکرێت، هەروەها پێویستە بەشێوەیەکی ڕێك دەستنیشانی ئەو مەترسییانە بکات کە هاتۆتەبەردەم چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە، هاوکات پێویستە تێکەڵی کەلتووری ڕێکخراوەکە ببێت بە پلان و بەرنامەی کاریگەرو لەلایەن کەسانی خاوەن ئەزموونی نێو ڕێکخراوەکەوە سەرپەرشتی بکرێت و، ستراتیژییەکان بۆ ئامانجی پراکتیکی بگۆڕێت و بەرپرسیاریەتی هەموو ئەو بەڕێوەبەرو کارمەندانە بکات، کە بەرپرسن لەبەڕێوەبردنی مەترسییەکان. هەروەها پشتیوانی لەبەرپرسیارییەتەکان و جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکان و پاداشت کردن دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی چالاکی لەهەموو ئاستەکاندا.

**مەولەوی جەبار شارەزا لەبواری چاکسازی کارگێڕی، ناوبراو بەشداری لەخولێکی چاکسازی کارگێڕی لەقوتابخانەی حکومەتی بەریتانیا کردووە، هاوکات لەگەڵ گروپێکی شارەزاو پسپۆر ڕۆڵی لەداڕشتنەوەی ڕەشنووسێك هەبووە بۆ (دانانی بنەمای چاکسازی ئیداری لەناو دەزگاکانی حکومەت)، سەبارەت بەگرنگی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان وەڵامی چەند پرسیارێکی داینەوە لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە:**

ڕۆژانە لەدامودەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە باس لەجێبەجێ نەکردن یاخود دواخستنی بەرنامەو پرۆژەکان دەکرێت، بەتایبەتی جێبەجێ نەکردنی بەرنامەو پلانی ستراتیژی و ماستەر پلانی وەزارەتەکان، واتە جێبەجێنەکردنی ئامانجەکان، کەبۆ هۆکاری نەبوونی بەرنامەیەك دەگەڕێتەوە، ئەویش بەڕێوەبردنی مەترسییەکانە، چونکە ئەو مەترسییانەی تێدا بەردەم جێبەجێکردنی پلانەکە هۆکارێکی سەرەکییە لەشکستی بەرنامەو پرۆژەکان.

لەهەرێمی کوردستان سیستەمی بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی لەناو دامودەزگا حکومی و تایبەتییەکان نییە، دەبوایە وەکو حکومەت کار بۆ دامەزراندن و پێشخستنی ئەمبوار بکرایە، چەندین نموونەش ئەو ڕاستییە دەردەخەن، ئێمە کەمتەرخەمین لەبەڕێوەبردنی مەترسییەکان، بۆ نموونە

**لەهەرێمی کوردستان سیستەمی بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی لەناو دامودەزگا حکومی و تایبەتییەکان نییە**



هەر دامەزراوەیەکی حکومی و تایبەتیگەر بەڕێوەب



مەترسـی بێکاری و ڕۆتیـن و گەندەڵی و توندوتیژی دژ بەئافرەت کەپەیوەسـت نییە بەچەند وەزارەت و دامودەزگایەك، بەڵکو ئەم کێشـانە گشـتین و پەیوەندی بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و کەرتی تایبەت و ڕۆژنامەو گۆڤـارەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵـگای مەدەنییـەوە هەیە، لەمەش فراوانتر مەترسـی و کاریگەری بۆ سەر ئابـووری و سیاسـی و کۆمەڵایەتی و سروشتی و تەندروستیمانەوە هەیە .

کەواتە سروشتی ژیان و پرۆسەی ئابووری بەهاوشـێوەی پرۆسە سیاسـییەکان دوور نی یـە لەئەگەرەکانی هاتنە پێشـەوەی مەترسـییەکان، ئەو مەترسـییانەی کە ڕووبـەڕووی ڕێکخراوێـك و کارەکانـی دەبنەوە دەکرێـت بەهۆی فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییەکانـەوە بێـت، هەندێـك لەو مەترسـییانە تەنهـا بەهـۆی فاکتەرە ناوخۆیـی و هەندێکـی تریـان بەهۆی فاکتـەرە دەرەکییەکان و، هەندێکیشـیان هـەردوو فاکتـەرە دەرەکـی و ناوخۆیی دروستیان دەکەن.

فاکتەرە دەرەکییەکان:(کێبڕکێ - گۆڕانی کڕیار- گۆڕانی پیشەسازی - داواکاری کڕیـار- ڕێـژەی قازانـج)، فاکتـەرە ناوخۆییەکانیش بریتین لە:(کارمەندەکان- بەرهەمەکان- خزمەتگوزارییەکان- ڕووداوە سروشتییەکان — بەڵێننامەکان).

## چۆن ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببینەوە ؟

چارەسـەرکردنی مەترسـییەکان؛ پرۆسـەیەکە بۆ گۆڕین و چارەسەرکردن و کۆنترۆڵکردنی مەترسـییەکان، یاخوود کەمکردنەوەی شـوێنەوارە سلبییەکانی، ئەمەش لەچوارچێوەی یاساو سیستەمێکەوە کـە کارمەندانی نـاو دامەزراوەکە پێی هەڵدەستن.

شیکردنەوەی مەترسییەکان یارمەتی زۆر دەدات لەچارەسـەرکردنی مەترسییەکاندا بەوەی کە مەترسـییەکان ڕوون دەکاتەوەو ئاسـانی دەکات بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەکەمترین کێشەو گرفت و خەرجی. هەموو کۆمپانیایەك پێویستە پلانی بەڕێوەبردنی مەترسـییەکانی هەبێـت، هەروەها هەوڵ و کۆشـش بـدات بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجەکانـی، بەڕێوەبردنێکی باشـی کۆمپانیایەکان پێویسـتی بـەوە هەیە کە کۆمپانیایەکان بەشێوەیەکی نیزامی مامەڵە لەگەڵ بەڕێوەبردنی مەترسییەکاندا بکات کە تیایدا: دڵنیابێت لەوەی کە دەسـتەی بەڕێوەبردن کارەکانی خۆی بەجوانی بەڕێوە دەبات و، دڵنیابێت لەوەی کە هەموو شتێك لەژێر کۆنترۆڵدایە.

کێشەکە لەوەدایە (لەبەرنامەو پلانەکانماندا مەترسییەکان دیاری نەکراون)، مەولەوی جەبـار پێـی وایە: دەبێـت کاتێك پلانی سـتراتیژی یاخـود سـاڵانە دادەنرێت لەهەمـان کاتـدا پلانـی بەڕێوەبردنی مەترسـییەکان دانرێت، گەر بەڕێوەبردنی مەترسییەکان نەکرێت چۆن دڵنیایی دەبیت لەجێبەجێکردنـی ئامانجەکانـت، تاوەکو بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و دروست جێبەجێ بکرێت، هەموو وڵاتە پێشـکەوتووەکانی جیهان کار لەسەر بەهێزکردنی بەڕێوەبردنی مەترسـییەکان دەکـەن، بگـرە بۆتـە بەرنامەیەکی تایبەت لەبەرنامەو هونەری کارگێڕی . هەر دامەزراوەیەکی حکومی و تایبەتی گەر بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی نـەکات ناگاتە ئامانجەکانـی، ئەمەش پێویسـتە بەیاسـا ڕێك بخرێت و بواری کارگێڕی کار لەسـەر پێشخسـتنی ئەم لایەنـە گرنگە بکات، مـرۆڤ لەژیانی تایبەتی خۆیدا بەڕێوەبردنی مەترسییەکان دەکات، بەباشـترین شـێوەو کەمتریـن تێچـوون بەڕێوەبردنـی ژیـان دەکەین، دوور لەمەترسـییەکانی شکستهێنان بەو بەرنامەیە .

## بەمشێوەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییەکان پێویستمان بەبەڕێوەبردنی باش هەیە

بەڕێوەبردنێکی باشـی مەترسـییەکان بۆ دیاریکردن و چارەسەرکردنی مەترسییەکان، ئامانجەکەی ئەوە بێت کە ئەوپەڕی نرخ و گرنگی بە چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە بدات و ببێتە هۆی ڕێکخستنی تێگەیشتنێکی باشـتر لەئەگەرەکانـی سـەرکەوتن و شکسـتهێنان بۆ هەموو ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان بەسەر ڕێکخراوەکەوە هەیە.

بەڕێوەبردنێکـی باشـی مەترسـییەکان ئەگـەری سـەرکەوتن زیـاد دەکات و، دەبێتە هـۆی کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی

**کێشەکە لەوەدایە (لەبەرنامەو پلانەکانماندا مەترسییەکان دیاری نەکراون**

**ئەرکی بەڕێوەبردنی مەترسییەکانە پێش ڕوودانی کێشەو مەترسییەکان چارەسەری گونجاو بدۆزنەوە**



ـردنی مەترسییەکانی نەکات ناگاتە ئامانجەکانی

شکستهێنان و نارۆشـــنی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە.

## چاکسازی کارگێڕی
## بێ بەڕێوەبردنی مەترسییەکان ناکرێت

هەموومان لەژیانی رۆژانە و تارادەیەکیش لە کارگێڕی دا بەڕێوەبردنی مەترسییەکان دەکەین، بەڵام بەشـــێوەیەکی زانســـتی و سیســـتەماتیك نایکەین و پسپۆڕایەتی و کەسانێك نییە بەشێوەی گروپ و بەتوانای باشـــەوە بەڕێوەبردنی مەترسییەکانمان بۆ بکەن، یاخود نازانن تاســـاڵێك و دووساڵی تر چـــی روو دەدات بەبەردەوام فەرمانبەر دادەنرێت و، نازانن کە لەرووی زانســـتی و شارەزاییی یەوە لاوازن و لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیـــاو ســـەردەم ناگونجێـــت. مەولەوی جەبار ســـەبارەت بـــە نەبوونی بەڕێوەبردنـــی مەترســـییەکان پێی وایە : زۆر لەوڵاتـــەکان خاوەنی نووســـینگەی تایبەتـــن بۆ بەڕێوەبردنی مەترســـییەکان کەبەرنامەی خۆیـــان دادەنێن پێش ئەوەی کێشەو مەترســـییەکە رووبدات رووبەرووی دەبنەوە، بۆ نموونە دۆزینەوەی چارەســـەر پێش روودانی کێشەو مەترسییەکان ئەرکی بەڕێوەبردنی مەترسییەکانە. جیاوازی نێوان وڵاتانی پێشـــکەوتوو دواکەوتـــوو لێرەدایە کۆمەڵـــگا پێشـــکەوتووەکان پێش ئەوەی کێشـــەو مەترسییەکان بکەوێتەوە پێشبینی خۆیـــان هەیەو رووبەرووی مەترســـییەکە دەبنەوە، بۆ نموونـــە پێش ئەوەی بێکاری زۆرتر بێت لەکوردستان دەبێت بەڕێوەبردنی چارەســـەری بێکاری بکات لەکوردستان، واتـــە بەرنامەیەك بۆ حکومـــەت دابنێت کەتاکو پێنج ساڵ یاخود کەمتر رووبەرووی ئەو کێشەیە ببێتەوە .لەهەرێمی کوردستان بەڕێوەبردنـــی مەترســـییەکان ناکەیـــن و داواکارم لە حکومەتـــی هەرێم و وەزارەت و دامەزراوەکان بەڕێوەبردنی مەترسییەکان بکاتە ئامانجێکی ســـەرەکی لەچاکسازی کارگێڕی، چونکە چاکسازی کارگێڕی بێ بەڕێوەبردنی مەترســـییەکان ناکرێت . بگرە لەم سیســـتەمەدا بۆمان دەردەکەوێت کەموکورتـــی و کێشـــەکانی بـــەردەم چاکسازی و پێشکەوتن لەکوێ هەیە، بۆ نموونە بڵاوبوونەوەی مادده بێهۆشکەرەکان مەترسییە لەســـەر کۆمەڵگا بێش ئەوەی بڵاو بێتەوە ئاسانتر رووبەرووی دەبینەوە . نەبوونـــی بەڕێوەبردنـــی مەترســـییەکان کاردانـــەوەی ســـلبی گەورەی لەســـەر کۆمەڵگا هەیـــە، چونکە کاتێك دەکەوینە ناو کێشـــەکە پارەو کاتێکـــی زۆر بەفیڕۆ دەدەیت و چارەسەریش بەوشێوەیە نابێت کە دەمانەوێت، بـــۆ نموونە باس لەوە دەکرێت پڕۆگرامـــی پۆلی شەشـــی دواناوەندی دەگۆڕدرێـــت، کەواتە ئەمســـاڵ هەموو قوتابیانی دواقۆ ناغی دواناوەندی هەوڵی ئـــەوە دەدەن لەو قۆناغە تێپەڕ بن، بەمەش دەرچووانی پۆلی شەشی دواناوەندی لەم ســـاڵدا زۆر دەبێت و ٩ مانگی تر تووشی کێشەی وەرگرتنی قوتابی زانکۆکان دەبین، بۆیە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەبێت لەئێستاوە کار لەســـەر بەڕێوەبردنی مەترســـییەکان بـــکات و پلانی بۆ دارێـــژن . مەرجیش نییە هەموو مەترسییەکان چارەسەر بکرێت بەڵکـــو رێـــژەی چارەســـەرکردنەکە بەرز بکرێتەوە، مەتریش هەیە لەناکاو رووەدات لەسەروو پێشبینی و پێشهاتەکانەوەیە وەکو کەوتنەوەی رووداوەکانی سروشتی، خاڵێکی تـــر وەکو نموونە باســـی بکەیـــن زۆری ئوتومبێل لەکوردســـتاندا کـــە ئایا دوای پێنج ســـاڵی تر فشارو پاڵەپەستۆ لە سەر شەقامەکان زیاد دەبێت، پێویستە لەئێستاوە چارەســـەر بۆ ئەو کێشـــەیە بدۆزرێتەوە، لەناو وەزارەتەکان و بەڕێوەبردنی پرۆژەکان دەیان کێشەو گرفت هەیە کە دەستنیشانی ئەو مەترســـییانە نەکـــراوە . نموونەیەکی تـــر کۆمســـیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەڕێوەبردنی مەترسی نییە، لەدانیشتنێکدا باســـیان لەژمارەی کاندیدەکان دەکرد بڕوا دەکەن لەپارێـــزگای بەغدا ٢٠٠٠ کاندید هەیـــە ئایا چـــی کاغەزێـــك هەیە ئەم ژمارە زۆرەی کاندیـــد لەخۆ بگرێت، من دڵنیام دەیان مەترســـی تر لەبەردەمیدایە و نازانرێت، دەبێـــت بەرتووکێك دانرێت بۆ کۆکردنەوەی ئەم ژمارەیە چۆن لەرۆژێکدا ئەو هەموو خەڵکە سەیری ٢٠٠٠ ناودەکەن و چی سندوقێك چێی ئەو هەموو کاغەزە دەبێتەوە ..

ئێســـتاکە لەحکومەت باس لەدامەزرانی چاکســـازی کارگێڕی دەکرێت، پێویستە ئەوان هەوڵـــی دامەزرانـــی بەڕێوەبردنی مەترســـییەکان لەهەمـــوو وەزارەت و دامودەزگاکانـــی حکومەت بدەن، هاوکات وەزارەتی پلاندانانیش کار بۆ جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان بکات بەتایبەتی لەناو پلان و پلانە ســـتراتیژییەکانیدا، بۆ ئەوەی بگەینە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو بەسیستەماتیك کارو بەرنامەو پلانەکانمان بەڕێوەببەین ..لەهەرێمی کوردستان لەهەموو بوارەکاندا خەڵکانی شـــارەزا و بەتوانامان هەیـــە کەدەکرێت ســـوودیان لێوەربگرین و لەبەڕێوەبردنی مەترسییەکان رۆڵی باشیان هەبێت، خاڵێکی هەرەسەرەکی چاکسازی کارگێڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەلایەك بەڕێوەبردنی مەترسییەکان رۆڵی لەجێبەجێکردنـــی نەخشـــەی ڕێگا هەیە لەلایەکی تـــرەوە چاودێری بەڕێوەچوونی پرۆژەو کارەکانە بەباشترین شێوەو پەیوەندی بەچاودێری دارایشەوە هەیە .

## چۆن مەترسییەکان دیاری دەکرێن؟

بەڕێوەبردنی مەترســـییەکان ڕێکخراوەکان دەپارێزێـــت و نرخیـــان بەرزدەکاتـــەوە بە پشتیوانی کردن لە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە بەهـــۆی: (کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی ئایندەو پەرەپێدانی بڕیـــارەکان و پلانەکان بە تێگەیشـــتنێکی باشتر لەچالاکی کارو



**دۆزینەوەی چارەسەر پێش روودانی کێشەو مەترسییەکان ئەرکی بەڕێوەبردنی مەترسییەکانە**

**بەڕێوەبردنێکی باشی مەترسییەکان؛ ئەگەری سەرکەوتن زیاد دەکات ودەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی شکستهێنان**

هەلی پرۆژەکان و مەترسییەکان، هەروەها لەڕێگای بەڕێوەبردنی مەترسییەکانەوە دەتوانرێت زامنی دابینکردنی سەرمایەو سامانی زیاتر بۆ ڕێکخراوو دامودەزگا یاخود کارگەکە بکەین، ئەمەش لەڕێگای باشکردنی کارەکان و کاریگەرییەکەیان..
هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان بۆ شیکردنەوەی جۆری مەترسییەکەو کاریگەرییەکانی بۆ سەرکەوتنی پرۆژەو بەرنامەو کارەکانمان پێویستە، دواتر لەروانگەی هەڵسەنگاندنەکەوە مەترسییەکە دیاری دەکرێت:
دیاریکردنی مەترسییەکان بریتیە لەزانینی ئەوەی کە تا چەند ڕێکخراوێك ڕووبەڕووی نادیاری دەبێتەوە، ئەمەش پێویستی بە زانیاری وورد هەیە لەسەر ڕێکخراوەکەو ئەو بازاڕەی کە تیایدا کار دەکات، هەروەها ئەو ژینگە یاسایی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوورییەی دەوروبەری. هەروەها پێویستە تێگەیشتنێکی باشمان هەبێت بۆ ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەو ڕێکخراوەو ئەو فاکتەرانەی کە ڕۆڵیان لەسەرکەوتن و ئەو هەلو مەترسییانەی کە بۆ هێنانەدی ئامانجەکان لە ئارادان. دیاریکردنی مەترسییەکان پێویستە بەشێوەیەکی ڕێك و نیزامی بێت تاکو لەوە دڵنیابین کە هەموو چالاکییەکانی نێو ڕێکخراوەکە دیاریکراون و، هەموو ئەو مەترسییانەش کە لەو چالاکییانەوە سەرهەڵدەدەن.
دواترچالاکییەکانی کارو بڕیارەکان دابەش دەبن بۆ:(ستراتیژی دوور مەودا، ئەو کێشانەی ڕۆژانە ڕێکخراوەکە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کۆنترۆڵکردنی دارایی، کۆنترۆڵکردنی بەرهەمەکان و، دواتر فریاکەوتنی کێشەکانی وەك سەلامەتی و تەندروستی، ژینگە، پاراستنی بەکارهێنەر، پاراستنی داتاکان لەخۆ دەگرێت..).
دواتر کۆمەڵێك تەکنیك هەیە کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ شیکردنەوەی مەترسییەکان کە پەیوەندییان بە هەلی قازانج و ئەگەری شکستهێنانەوە هەیەلەوانە:
دەرئەنجامی پرۆسەی شیکردنەوەی مەترسییەکان دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لە بەرهەمهێنانی پرۆفایلی مەترسییەکان، کە دەکرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ زانینی مەترسییەکان و بە ئەولەوییاتکردنی چارەسەرکردنی مەترسییەکان،
کاتێکیش پرۆسەی شیکردنەوەی مەترسییەکان تەواو دەبێت زۆر گرنگە کە بەراوردێکی نێوان هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان و پێوانەکانی مەترسی بکەین کە لە لایەن ڕێکخراوەکەوە دامەزراوە. پێوانەکانی مەترسی نرخەکان، قازانج، پێویستیە یاساییەکان، فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ئابوورییەکان، هەروەها گرنگی دان بە شەریکەکان لەخۆ دەگرێت. ئەم پێوانانە زۆر گرنگە بۆ ڕێکخراوەکە کە بڕیار دەدات کام مەترسی پێویستە چارەسەر بکرێت.
کاتی ئەوە هاتووە چی تر لە ناکاو نەکەوینە ناو مەترسییەکانەوە، بەڵکو لە بەرنامە و پلانەکاندا ئاماژەیان بۆ بکرێت و چارەسەری پێشوەختەیان بۆ بدۆزرێنەوە.

**نەبوونی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان کاردانەوەی سلبی گەورەی لەسەر کۆمەڵگا هەیە، چونکە کاتێک دەکەوینە ناو کێشەکە پارەو کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەدەیت و چارەسەریش بەوشێوەیە نابێت کە دەمانەوێت**

**کێشەکە لێرەدایە؛ کاتێک دەکەوینە ناو کێشەکە بیر لەچارەسەر دەکەینەوە**



**ئیمارات لەسیستەمی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان بەوڵاتێکی پێشکەوتوو دادەنرێت، بەڕادەیەک ڕێگا نادات هیچ ڕێکخراوو دامەزراوەیەکی حکومی و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کار بکەن بێ ئەوەی بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی هەبێت، ئەو کەسانەی لەمبوارەشدا کار دەکەن دەبێت شارەزایی تەواوی کارگێڕییان هەبێت، یەکێک لەو هۆکارەی ئیماراتی پاراست لەئیفلاسبوونی گەورە کۆمپانیاو ئابووری ئەو وڵاتە لە قەیرانە داراییەکەی ساڵی رابردوو بۆ بوونی ئەم دامەزراوەیە دەگەڕێتەوە، کە تارادەیەک زۆر باشتر بوو بارودۆخەکەی بەراورد بەوڵاتانی تری پێشکەوتوو.**